دەستەی کۆشناسی: هەینی داهاتوو پلەی گەرمی دەگاتە 45 پلەی سیلیزی



دەستەی کۆشناسی و بومەلەرزەزانی عیراق، ئەمڕۆ سەشەممە، پێشبینی بەردەوامی پلەی گەرمی لە هەژانی داهاتوو کرد ،ئاماژەی بۆوشکرد لە هەژی هەینی داهاتوو دەگاتە 45 پلەی سیلیزی.

دەستەی کۆشناسی عیراق رایگەیاند: شەپۆلکی گەرما لە نیمچەدوورگەی عەرەبی بەهێزەوە و بەهێزی پلەکانی گەرما بەشێوەیکی بەرچاو روو لەبەرزبوونەوە دەکەن، بەتایبەت لە پارێزگاکانی بەسرە، ناسریە، میسان، دیوانیە، نەجەف، کەربەلا، بابل، واسیت و بەغدا.

هاراشیگەیاند: رۆژی هەینی داهاتوو پلەی گەرما دەگاتە لووتکە و لە هەندێك ناوچە پلەکە لەنێوان 44 بۆ 45 پلەی سیلیزی دەبێت.

هەروەها رایگەیاند: لە هەفتەی داهاتوودا ئەم بەرزبوونە لەناکاوی پلەکانی گەرما بەردەبەردێ کەم دەبێتەوە و کەشوهەوا تاڕادەیەك ئاسایی دەبێتەوە.

دەستی کۆشناسی عێراق ئامۆژگاری هاووڵاتیيانی کرد لەم شەپۆلی گەرما خەیان بەدووربگرن لە بەرکەوتنی راستەوخۆی خۆر و هەروەها ئاو زیاتر بخۆنەوە و جلوبەرگی تەنك و سووك لەبەر بکەن.